# ئەگەر قورس وناڕەحەت نەبوایە لە سەر ئومەتەکەم؛ ئەوا فەرمانم پێیان دەکرد بە سیواک کردن لە پێش هەموو دەستنوێژێکدا

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «ئەگەر قورس وناڕەحەت نەبوایە لە سەر ئومەتەکەم؛ ئەوا فەرمانم پێیان دەکرد بە سیواک کردن لە پێش هەموو دەستنوێژێکدا».
[صەحیحە] [نەسائی گێراویەتیەوە - ئەحمەد گێراویەتیەوە - مالیك گێراویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەم فەرموودەیەدا ئەوە ڕوونده‌كاتەوە ئەگەر لە ترسی ئەوە نەبێت کە ناڕەحەتی وقورسی دەکەوێتە سەر ئومەتەکەی وشوێنکەوتووانی: ئەوا فەرمانی پێیاندەکرد وەکو پابەندبوونێکی فەرز بەوەی کە سیواک بکەن پێش ئەوەی دەستنوێژگرتن ئەنجامبدەن، بەڵام ئەم فەرمانەی نەکرد ئەمیش وەکو دەربڕینی بەزەیی وڕەحمەتێک بەرامبەریان، ونەیکرد بە فەرزێک لەسەریان بەڵکو سونەتە (موستەحەبە) کە هەرکەسێک سیواک بکات پاداشتی وەردەگرێت وئەوەی سیواک نەکات سزا نادرێت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8374

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee